ئەنجومەنی نوێنەران کۆبوونەوەکەی بۆ ڕۆژی سەشەممەی داهاتوو دواخست



ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەمڕۆ یەکشەممە، کۆتایی بە دانیشتنەکەی هێنا و کۆبوونەوەکەی بۆ ڕۆژی سەشەممەی داهاتوو دواخست.

فەرمانگەی ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی نوێنەران لە ڕاگەیندراوەکدا کە دەست ئاژانسی موتەبع کەوتووە، ڕایگەیاند: "ئەنجومەنی نوێنەران دانیشتنەکەی هەڵگرت بۆ ڕۆژی سەشەممەی داهاتوو."

هەر لە دانیشتنەکەی ئەمڕۆدا، ئەنجومەنی نوێنەران دەنگی دا لەسەر ڕاسپاردەکانی لیژنەی تایبەت بە بەدواداچوون و چارەسەرکردنی بارودۆخی دەرچووانی بەشە پزیشکی و تەندروستییەکان.

لە ڕاگەیندراوەکی تری فەرمانگەی ڕاگەیاندنی پەرلەمانداهاتوو: "ئەنجومەنی نوێنەران دەنگی دا لەسەر ڕاسپاردەکانی لیژنەی فەرمانی پەرلەمانی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢٦، کە تایبەتە بە بەدواداچوون و چارەسەرکردنی بارودۆخی دەرچووانی پیشە پزیشکی و تەندروستییەکان."